# مەسرور بارزانی بە فەرمی بڕیاری بە گرێبەستکردنی مامۆستایانی وانەبێژی هەرێمی کوردستان دەرکرد



مەسرور بارزانی بە فەرمی بڕیاری بە گرێبەستکردنی مامۆستایانی وانەبێژی هەرێمی کوردستان دەرکرد.

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ چوارشەممە 28ی ئاب بە فەرمی بڕیاری دامەزراندنی مامۆستایانی وانەبێژی بەشێوەی گرێبەست دەرکرد.

شایەنی باسە، ڕۆژی یەکشەممەی رابردوو

سەرۆکی حکومەتی کاربەڕێکەری هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی ڕایگەیاندبوو، بڕیارماندا سەرجەم وانەبێژانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان نزیکەی 38 هەزار کەس دەبێت لەسەر داهاتی ناوخۆ بکرێنە گرێبەست.

سەرۆکی حکومەتی هەرێم گوتیشی: سوپاسی مامۆستایان و وانەبێژان دەکەم کە سەرەڕای دۆخی سەختی دارایی، درێژەیان بە ئەرک و پەیامی پیرۆزی خۆیان داوە و بەرپرسیارێتی خۆیان بەجێگەیاندووە.